# دکتاتۆر

سەت مخابن،

لە مەڵبەندی پەریزادان

پیاو ئەوەندە  گیانمردەڵە و دڵپەڕپووت بێ:

بمرێ و جارێک نەچێتە ژوان،

هەر ئاشقی کورسییەکی ڕەقوڕووت بێ!

٢٠١٤/٣/٢٠ هێلسنکی

# گفتوگۆی بەرەبابەکان

خۆ ناڵێم ئەوان هاوڕەگەزبازن، وانەکن، یا هین!

بەڵام لە درزی هەزاران پینەی پاشەڵیانەوە

دیومە کێن و چین:

ئەوان لیبراڵی ئاخیرزەمانن،

بلیمەتترین موفاوەزاتچین

ئەدی نابینن؟

هێند کۆبوونەوە و ماچومووچیان کرد،

هێندە تیک ئاڵان، وەک ئاشقە و ماشقە،

زۆری نەماوە شەرم وەلا خەن،

بڵێن: " کوڕینە، ئێمە مەحرەمین،

کورسیمان ناوێ، جێمان بۆ ڕاخەن!"

٢٠١٧/٧/١٣ماینز